موجاهیدێک؛ گوڵی نارجۆک دەڕوێنێ! جەنگاوەرێک؛ ماچی ئاسمانی شار دەکات!.. عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)

(ئەم شیعرە لەزمانی (دەنیز عەفرین)ەوە ڕوو بەو داعشانەیە کە دڵی مرۆڤ دەردەهێنن و ژیان لە تاریکی دەخنکێنن)

کە بەهار دێ چاوی پێت دەکەوێ و دەڕوا
دەڵێ خۆزگە نەهاتمایە و
هەرگیز ژینم نەبینیایە پاڵتۆی تاریکی ل□ بەرکا
کە ڕووبارێک نیگات دەکا
چاوەکانی پڕ دەبن لە تەم و ئاونگ
بەو ڕێگایەی دێتە سەر ڕێی، دەڵێ شەرم لەخۆم دەکەم
ئاسمان شین بێ و
چۆلەکەی ژین؛ کڵاوی مەرگ لەسەر کا!

ئەی ئەو دڕندە بێ دڵەی بووی بە موجاهیدی ئەودیو سنوورەکانی بێعەقڵی
ئەتۆی ئاژەڵ جگە لە کوشتنی جوانی و جگە لە تاریکی هێنان
جگە لە وێرانکاری و خەم، چاوی بڕوات هیچ نابینێ
ئەوجا ئیتر نەک چاوی خۆت،
چاوی ئەو دەبەنگییەت کوێر بێت کە فرچکت پێگرتووە
نەک تەنها خۆت؛ ڕووی ئەو ئەمیرەشت ڕەش بێ
کە تۆ و هەزاران وەکو تۆی لەخشتەی عەقڵ بردووە.

تۆ سڵ لەچی دەکەیتەوە؟
لەئاگری ئەو باوەڕەی هەر بە تەنها دیاری دەستی
هەڵقرچانی خەونەکان و کوشتنی بینایی ژینە
تۆسڵ لەچی دەکەیتەوە ؟ لە سزای ئەو عەقیدەیەی
ترسی داوە بەشان تاکو دڵی ئینسان دەربهێنی و ک□ل□ل□ی س□ری

کۆیلەکانی بۆ پەرژینە
یاخود تەرمی ئەستێرەکان بنێژیت و پێکەنین بکەی بە دارا؟
کۆرپە بدەیتە بەر قەممە و
چەتری هەوری بۆمب و بارووت بدەیت بەسەر ژین و شارا؟
بەس پێم بڵێ تۆ سڵ لە چی دەکەیتەوە هەی ترسنۆک
هەی ئەو کەسە بێ مۆڕاڵەی
کەرامەتت دەتکێتە نێو جامی بێ شەرمی و ڕیسوایی تنۆک.

تۆ ڕۆژانە گوڵی بۆمب و گوللەی خومپارەی زوڵم و زۆر
لەسەر ڕێگاکانی ئینسان،
لەسەر ڕێگاکانی عەقڵ و زانست و جوانی ئەچێنی
سەری منداڵ لەناو چاڵی هەتیویدا نغرۆ دەکەی
کە دەکەویتە ژێر پێڵاوی جەنگاوەری ئازادیش
نەک هەر تەنها پا□ا□ن□و□ و □ا□ا□ن□وە
دژ بە خۆت و بە باوەڕ و ئیمانەکەت بێشەرمانە و پەیتا پەیتا درۆ دەکەی!
کێ مێشکی تۆی شووشتۆتەوە، وا ئاوا بووی بەپاڵەوانی کوشتنی نیگاکان و بە تیغی مەرگ؟
کێ لە مرۆڤبوونی خستی، وا ئاوا بووی بە بڵێسەی ئاگری جەنگ؟
ئەوەی تۆی کرد بەم دڕندە بێ دڵەی هەتاو بکوژی؛ ئیمانێکە تەواو تاریک
ئەوەی تۆی بەم چارەنووسە ڕەشە گەیاند،
ڕێگایەکە تەواو باریک.
تازە ژیان گرەوێکە یان ئازادی دەبێتە هەتاوێکی گەش
یاخود مەرگ شاڵاو دێنێ و
هەموو دەبینە پنتکێک لە دڵی چارەنووس ڕەش.

عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
١١ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦